# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

راپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ٢٦ (٢٠ی دیسەمبەری ٢٠١٤– ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٢٠ی دیسەمبەرهەتا ٩ی کانوونی دووەم لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆڕانی هەرەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەو ڕاپۆرتە دانراون چیتر دەقیق نابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٥/١/١٧ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان




- کەش و هەوای وەرزی زستان لە باکوری عێراقی داوە، بە هێنانی بەفر و بای بەهێز و باران، بەمەش باروگوزەرانی هەژاران دەخاتە مەترسیەوە.
- هاوکارانی مرۆیی جل و بەرگی وەرزی زستانە، کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوانە (بەتانیەکان، هیتەرەکان و هەتا دوایی) بۆ سەدان و هەزاران ئاوارەی ناوەخۆیی دابەش کردووە.
- خێزانانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە دهۆك ٢٥٠ دۆلاری ئەمەریکیان لە پارەی کاشی بێ مەرج وەرگرتووە.
- نەوت بۆ چێشتلێنان و گەرم کردنەوە وەکو بەرەنگاریەك دەمێنێتەوە سەرەڕای دابەشکردنەکان لەلایەن حکومەت و هاوکارانی مرۆیی.
- لەسەدا ٣٢ی خەڵکانی ئاوارەی ناوەخۆیی نیشتەجێکراون لە ئامادەکاریەکانی شوێن نیشتەجێی نارێك کە بە خراپی ئامادەکراون بۆ کەش و هەوای قورسی زستان، یان لەو شوێنانەن کە مەترسی دەرکردنیان لێ دەکرێت.

## تێڕوانینێکی بارودۆخەکە

بەسەدان و هەزاران ئاوارەی ناوەخۆیی لەسەرتاسەری عێراق هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی لەم هەفتەیە بەگەرمی بمێننەوە و شوێنی نیشتەجێبوونیان بپارێزن هەروەك گەردەلولەکانی وەرزی زستان پلەکانی گەرما و بەفر و بایە بەهێزەکان و باران دەهێنێتە خوارەوە بۆ عێراق.

گەردەلولی توندی وەرزی زستان کە زۆربەی شوێنەکانی هەرێمی کوردستانی گرتبۆوە گەیشتە باکوری وولات لە ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم: پارێزگای دهۆك دووچاری یەکەم بارینی بەفری ئەم وەرزە بوویەوە، لەو کاتەی لە سلێمانی، باران و بەفری بەخور ناوچە شاخاویەکانی گرتەوە و پلەکانی گەرما هاتەخوارەوە بۆ ژێر سفر.

بەهۆی زۆربوونی کاری مرۆیی، هیچ چارەسەریەکی هەڕەشەی ژیان تاوەکو ئێستا ڕاپۆرت نەکراون. هەرچەندە، زۆربەی خێزانەکان چەند دابەشکردنێکیان لەدەست چوو؛ بۆ نموونە کەم و کوڕی هەیە لە هیتەرەکان لە خێوەتگەی ئاوارەکانی چەمیشکۆ لە زاخۆ (لە پارێزگای دهۆك).

بۆ زانیاری زیاتر،" ئەو دیوی قەیرانەکە ببینە" لە کۆتایی ڕاپۆرتەکە

لەگەڵ کەش و هەوای پلەکانی سەرمای زیاتر، گروپی پاراستن لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات و کاری کردووە لەسەر سیستەمێکی ڕەوانەکردن لە ڕێگەی موختارەکان و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ دەست نیشانکردنی هەر حاڵەتێکی کەسی کە زۆر هەژاربێت، لەوانە دەرکردنەکان. هاوکاران پرسیاریان لێکراوە بۆ بەشداریکردن لە سیستەمی ڕەوانە کردن و گروپەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و پاراستن ئامادەییان هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی بەهاناوەهاتنێکی خێرا.

لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنەکانی کەل و پەلە زۆر پێویستەکانی کۆمەکی وەکو ڕەشماڵەکان و جل و بەرگی گەرم، هەوڵەکانی وەرزی زستانە لەلایەن هاوکارانی مرۆیی لەوانە دەستپێشخەریەکان وەکو دابەش کردنی پارەی کاشی ڕاستەوخۆ بۆ خێزانە هەژارەکان، کە ڕێگە بە ئاوارە ناوخۆییەکان دەدات تاوەکو کەل و پەلەکان بکڕن کە پێویستیانە بۆ ئەوەی وەرزی زستان پێ بەڕێ بکەن، دابین کردنی هیتەرەکان بۆ قوتابخانەکان و شوێن نیشتەجێبوونەکان (قوماشەکان و هەتا دوایی). بۆ شوێن نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان، هەروەها پرۆگرامەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی بۆ دڵنیاکردنەوەی ئاوی گەرم بۆ خۆشووشتن.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ١٠٢٠٠ خێزان کەل و پەلەکانی وەرزی زستانەیان لە مانگی ١٢ وەرگرتووە. لەوەتەی کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر هاوکاران زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ دەستە جل و بەرگی زستانەیان دابەش کردووە لە زیاتر لە ١٠٠ ناوچەی کە بەئەستەم دەستیان پێ دەگات هەروەها ٧٠٠٠ بەتانی گەرم کەرەوە بۆ منداڵان، هەر منداڵێك بەتانیەك و دەستەیەك جل و بەرگ وەردەگرێت. لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا، ١٢٣٠ کۆتی زستانە بۆ منداڵانی ئاوارە ناوخۆییەکان دابەش کراون لە پارێزگای هەولێر. لە مانگی ڕابردوودا، لە ناوەڕاستی باشوری عێراق، زیاتر لە ١٩٠٠٠ خێزان کەل و پەلەکانی وەرزی زستانەیان وەرگرتووە.

هەموو خێوەتگەکان لە دهۆك کارەبایان هەیە و هەر خێزانێك ٢٥٠ دۆلاری ئەمەریکی وەرگرتووە لە ڕێگەی گواستنەوەی پارەی کاشی بێ مەرج بۆ کەل و پەلی زستانەی زیاتر لە لایەن هاوکارانی مرۆیی. زۆرینەی ئاوارەی ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەندێ جۆری هاوکاری وەرزی زستانەیان وەرگرتووە لە ڕێگەی کاری مرۆیی. خەڵك لە خێوەتگەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بە باشی پێویستیەکانیان پڕ کراوەتەوە، بەڵام ئەو بۆشاییانە دەمێنێتەوە لە دابەش کردنەکان بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی خێوەتگەکانن.

بەهۆی بارودۆخەکانی سەرمای توند و با لەسەر چیای شنگال (پارێزگای موسڵ)، زیاتر لە ١٠٠٠ خەڵك ڕاپۆرت کراون کەوا بەدوای ئاوارەبوون گەڕاون لە گوندەکانی دوورتر لە خوارەوەی چیاکە. دەسەڵاتدارانیش بەتانیەکانیان لەو ناوچانە دابەش کردووە.

نەوت بۆ چێشتلێنان و خۆ گەرم کردنەوە وەکو نیگەرانیەکی گەورە دەمێنێتەوە. بۆ یارمەتیدانی پڕکردنەوەی بۆشاییەکە، هەندێ لە هاوکارانی مرۆیی کۆمەکی دەکەن لە دابەش کردنەکانی حکومەت بە دابین کردنی هاوکاری نەوتی ئامانجکراو بۆ خێزانە هەژارەکان. حکومەت نەوتی بۆ زیاتر لە ٣٥٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی دابەش کردووە لە پارێزگاکانی باشور (لە بەسرە و میسان و موثنی و قادسیە و زیقار)، زیاتر لە ٦٤٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست ( لە بابل و بەغدا و دیالە و نەجەف و واسیت) و زیاتر لە ١٥٧٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ( لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی)، دەستی گەیشتووە بە نزیکەی لەسەدا ٧ی کۆی ژمارەی خێزانانی ئاوارەی ناوخۆیی لەسەرتاسەری عێراق. هاوکارانی مرۆیی نەوتیان بۆ زیاتر لە ٩٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی دابەش کردووە لە پارێزگاکانی ناوەڕاست لە (دیالە و کەرکوك) و زیاتر لە ٢٣٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە (دهۆك و هەولێرو سلێمانی)، دەستیان گەیشتووە بە لەسەدا ٩ی زیاتری خێزانانی ئاوارە ناوخۆییەکان لەسەرتاسەری عێراق، بۆ کۆی پڕکردنەوەی نەوت بۆ لەسەدا ١٦ی حاڵەتەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان.



کچێکی ئاوارەی ناوخۆیی لە خێوەتگەیەك لە پارێزگای دهۆك
لەلایەن نووسینگەی ئۆتچا/دەیڤید سوانسۆن

پلەکانی سەرمای زیاتر بەردەوامی هەیە لە زیادبوونی هەوکردنی سیەکان، کە دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە شوێن نیشتەجێبوونە خوار ستانداردەکان دەژین و نیشتەجێکراون لە ڕەشماڵەکان کە هیچ ئامێرێکی گەرم کەرەوەی لێ نیە. لە هەفتەی ڕابردوودا لە مانگی دیسەمبەر، ئەو نەخۆشیانە ژمارەی بووە لەسەدا ٣٠ تەواوی حاڵەتەکانی نەخۆشی کە ڕاپۆرت کرابوون لە ١٧ شوێن کە خزمەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان دەکەن، زیاتر لە سەدا ١٥ی پێش دەستپێکی وەرزی زستان.

بەگوێرەی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون زیاتر لە ٦٧٦٠٠٠ خەڵك (لەسەدا ٣٢ی تەواوی دانیشتوانان لە ٢٠١٤ ئاوارەبوون) لە ئامادەکاریەکانی شوێن نیشتەجێبوونی زۆر گرنگ و نەگونجاو نیشتەجێبوون کە ناگونجێت بۆ وەرزی زستان و کەش و هەوای قورسی زستان،

یان لەو شوێنانەن کە مەترسی دەرکردنیان لێ دەکرێت. ئەمەش لەوانە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و چۆڵکراوەکان کە زیاتر لە نیوەی ئەو خێزانانە لەخۆ دەگرێت، لە شوێن نیشتەجێبوونە نافەرمیەکان و لە باڵەخانە ئایینی و لە قوتابخانەکانن. نزیکەی ١٨٤٠٠٠ خەڵك (لەسەدا ٩ی حالەتەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان) لە خێوەتگەکانن و هەروەها ئەوان دووچاری ئەستەمی دەبنەوە لە ماوەی مانگەکانی زستان. زیاتر لە ١,٢ ملیۆن کەس (لەسەدا ٥٦ی ئاوارە ناوەخۆییەکان) لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگا نیشتەجێکراون یان لە کاتی ئێستادا سەرچاوەکانیان بەکاردەهێنن بۆ پێدانی کرێ ی خانوو و ئوتێلەکان. هەروەك ئەم قەیرانەش بەردەوام دەبێت، زۆربەی ئاوارە ناوەخۆییەکان کە بەشێوەیەکی جیا خانوویان بەکرێ گرتووە ئێستا پارەیان پێ نەماوە و لە ماوەیەکی نزیکدا داوای هاوکاری شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوە دەکەن. گروپی شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان تێبینی ئەوەی کردووە کە نابێت ئەوە وا دابنرێت کە هەموو خانووە کرێیەکان گونجاون. پێوەرێکی فراوانی ستانداردەکانی خانوو هەیە کە لە ژێر "خانووە کرێیەکان" دادەنرێت لە سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون، هەندێ لەوانە کە نەگونجاون.

سنورداریەکانی جولانەوە و چوونە ژوورەوە بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان ڕاپۆرت کراون، بەتایبەتی لە ناوەڕاست و لە ناوەڕاستی باکور. هێزەکانی ئاسایش کە لە خاڵەکانی پشکنین کاردەکەن ڕاپۆرتیان کردووە کە ڕێگریان لە هەندێ لە خێزانانی ئاوارەی ناوەخۆیی کردووە لە چوونەژوورەوە بۆ ناو خانەقین (پارێزگای دیالە). دەست گەیشتن بە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەرەنگاری دەمێنێتەوە بۆ هەندێ لە ئاوارە ناوەخۆییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە عەرەبن، لەگەڵ دەسەڵاتداران چاودەخشێنن بە نیگەرانیەکانی ئەمن و ئاسایش بۆ ئەو سنورداریانە. لە یەك نموونەدا، نزیکەی ٣٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی (١٨٠ – ٢٠٠ کەس) زیاتر لە ٢٠ ڕۆژیان بەسەر برد لە خاڵی پشکنینی مەکتەب خالید لە ڕۆژئاوای باشوری شاری کەرکوك، زۆرینەی ئەوانەی کە ئافرەتبوون، منداڵ و گەنج بوون. ئەو ئاوارە ناوەخۆییانە لە دواییدا گواسترانەوە بۆ خێوەتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی عەربەت (لە پارێزگای سلێمانی). لە ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەم، کوڕێکی ئاوارەی ناوەخۆیی ١٥ ساڵان لە قەزای ئەلعەلەم (پارێزگای سەڵاحەددین) گیانی لەدەستدا بەهۆی بارودۆخی پزیشکی پێشتر لە دوای ئەوەی کە ڕێگری لێکرا لەوەی کە دەستی بگات بە خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان لە شاری کەرکوك. لە بارودۆخێکی بەردەوامی چالاکی سەربازی لە نزیك کەرکوك و زیادبوونی ئاوارەبوون وەکو دەرەنجامێك بەهۆی ئەم چالاکیانە، نەبوونی توانا لەلایەن هەندێ لە ئاوارە ناوەخۆییەکان لە چوونەژوورەوە بۆ ناوچە سەلامەتەکان و هاوکاری مرۆیی وەکو نیگەرانیەکی سەرەکی پاراستن دەمێنێتەوە.

لە ناوەڕاست و ناوەڕاستی باکوری هەرێم، بەردەوامی ململانێ لە نێوان هێزە عێراقیەکان و گروپە چەکدارەکان بەردەوامی هەیە لە دەرپەڕاندنی ئاوارەبوونی زیاتر. لە پارێزگای کەرکوك بەتەنها، زیادبوونێك بۆ زیاتر لە ٤٨٥٠٠ کەس (زیاتر لە ٨٠٠٠ خێزان) دەست نیشانکراون بە شێوەیەکی سەرەکی لە قەزای کەرکوك لە نێوان ١٠ و ٢٥ی دیسەمبەر، بەمەش کۆی ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگاکە دەبێتە نزیکەی ٢٣٨٨٠٠ خەڵك. لە دهۆك، ئاوارەبوون کەم بۆتەوە، بەمەش نزیکەی ٢١٥٠٠ کەس (زیاتر لە ٣٥٠٠ خێزان) کەم بۆتەوە لە هەمان ماوەدا. ژمارەیەك چاودێری کرا لە سەرۆك خێزانەکان لە نێوان ١٠٠ – ٢٠٠ خێزان کە دەگەڕانەوە بۆ قەزای زومار لە پارێزگای موسڵ بۆ پشکنینی موڵکەکانیان پێش ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دهۆك.

وەزارەتی کۆچ  وکۆچ بەران لە ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەم ڕایگەیاند کە ئەوان ٦٢ ملیار دیناری عێراقیان دابەش کردبوو کە دەکاتە نزیکەی (٥٢,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی) بۆ پارێزگاکان و قەزاکانی عێراق کە ئاوارە ناوەخۆییەکان لەخۆدەگرن بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئاوارە ناوەخۆییەکان، لەوانە هاوکاری پارەی کاشی فەرمی یەك ملیۆن دیناری عێراقی (٨٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ هەر خێزانێکی ئاوارەی ناوەخۆیی. بەگوێرەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، دهۆك نزیکەی ٤٣ ملیار دیناری عێراقی کە دەکاتە نزیکەی (٣٦,٤ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی) وەرگرتووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی شوێنی نیشتەجێبوون، هاوکاری پارەی کاش بۆ خێزانە ئاوارە ناوەخۆییەکان، و بنیاتنانی نۆرینگەیەك بۆ ئاوارە ناوەخۆییەکان. هەولێر نزیکەی ٥ ملیار دیناری عێراقی کە دەکاتە (٤,٢ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی) وەرگرتووە و ٣  ملیار دیناری عێراقی کە دەکاتە (٢,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی) دابین کرابوون بۆ سامەڕا (لە پارێزگای سەلاحەددین)، و ٥ ملیار دیناری عێراقی تر کە دەکاتە (٤,٢ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تر) بۆ قەزا بچووکەکانی عامریات ئەلفەلوجە (لە پارێزگای ئەنبار). لە کۆتاییدا، ٦ ملیار دیناری عێراقی تر کە دەکاتە (٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی تر) چووە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ قوتابخانە فابریکیەکان.

## پاڵپشتی کردنی دارایی

پلانی ستراتیژی وەڵامدانەوە لە کاتی ئێستادا لەسەدا ٣٤ی پاڵپشتی دارایی کراوە لەگەڵ ٧٦٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی وەرگیراوە لە بەرامبەر ٢,٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکی کە داواکراوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥. زۆرترین گروپەکانی کە پاڵپشتی کەمی دارایی کراون بریتین لە گروپەکانی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە و پەروەردە و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەردەوامیدان بە ژیان و گوزەران.

لە چەند مانگی ڕابردوودا، کۆمەك بەخشان بەهاناوەهاتنیان خێراکردووە و بە ڕێزگرتنەوە هاوکاری دەکەن بە هەردوو کۆمەکی وەرزی زستانە و پرۆژەکانی فریاگوزاری. لەوکاتەی پاڵپشتیکردنی دارایی مەملەکەتی عەرەبی سعودیە لە کۆتایی مانگی ئادار تەواو دەبێت، پاڵپشتیکردنی دارایی زیاتری بەپەلە پێویست دەبێت بۆ بەردەوامیدان بە پرۆگرامەکانی ڕزگارکردنی ژیان.

# وەڵامدانەوەی مرۆیی

## ئاو و پێداویستی پاك و خاوێنی و خاوێنکردنەوە

پێویستیەکان:

- خێوەتگە تازە دامەزراوەکان (سێ لەو خێوەتگایانە لە پارێزگای بەغدا)، یەك لە پارێزگای میسان و یەك لە پارێزگای زیقار پێویستیان بە ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی هەیە.
- پارێزگای نەجەف داوای ئاسانکاری ئاوی گەڕۆکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا درێژکردنەوەی تۆڕی ئاوی ناوەخۆیی بۆ ١٤٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی کەوا لەسەر شەقامی سەرەکی لە نێوان نەجەف و کەربەلا نیشتەجێبوون.
- ٢٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی پێویستیەکی بەپەلەیان هەیە بۆ هاناوەهاتنی خێرا لە زلوعیە (پارێزگای سەڵاحەددین)، لەو شوێنەی کە کەم و کوڕیەك هەیە لە ئاوی خواردنەوەی سەلامەت و ماددەکانی پاك و خاوێنی بۆ هەرزەکاران و منداڵان.

وەڵامدانەوە:

- پارێزگای سەڵاحەددین: هاوکارانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پێداویستی پاك و خاوێنی وەڵامی ٢٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی دەدەنەوە کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە کە تازە نیشتەجێکراون لە قەزای بچووکی زلوعیە. نێردیەکی فرە ئاژانسی هاوبەش لە گەیاندنی کۆمەکیەکان بۆ ئەو ئاوارە ناوەخۆییانە و کۆمەڵگای زیان بەرکەوتوو کە پێك دێت لە ٤٠٠ دەستەی بوتڵی ئاو، ٢٠٠ کەل و پەلی پاك و خاوێنی هەرزەکاران و ٢٠٠ سەتڵ و ٢٠٠ پاکێتی حەفازە و هەروەها ٤٠٠ دەستەی عەلاگەی نایلۆن.
- پارێزگاکانی باشور (بەسرە و میسان و موثنی و زیقار): هاوکارانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی ١٨٠٠ کەل و پەلی پاك و خاوێنی هەرزەکاران و ٤٨٠٠ دەستەی خاوێنکردنەوە و ٢٤٠٠ دۆلکەی ئاو و ٤٨٠٠ دەستە حەفازەی منداڵان و ٨٠ سەڵەی زبڵ و ١٢٠٠٠ دەستەی عەلاگەی نایلۆن بۆ (٦ مانگ) دابین دەکرێت بۆ ٢٤٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی.
- پارێزگای نەجەف: بنیاتنانی تۆڕی ئاو کە ئامانجی بریتی یە لە زیاتر لە ١٤٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی و لە کۆمەڵگای خانەخوێ دەستپێشخەری کراوە.
- پارێزگای ئەنبار: زیاتر لە ٢٧٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی، کە دەکاتە (زیاتر لە ١٦٢٠٠ کەس) دەستیان پێ گەیەنراوە بە تانکەری ئاوی ڕۆژانە بە بڕی ٢٧٦٦٠٠ لیتری ئاو.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- گروپەکە پێش وەختە هەستی پێکردووە بە کاریگەریەکانی پاڵپشتیە داراییە کەمەکان کە بەردەوام دەبێت لەگەڵ بنیاتنانی تازە و دەستپێنەکراو، هەروەها بەردەوام نەبوون لە ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی. زۆربەی هاوکارانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی تەنها پاڵپشتی داراییان هەیە هەتاکو کۆتایی مانگی شوباتی ئەم ساڵ. لەبەرهەندێ هێنانی دارایی بەپەلەی پلانی بەهاناوەهاتنی بەپەلەی ٢ زۆر گرنگە.
- بەرەنگاریەکانی چوونەژوورەوە بۆ ناو پارێزگای ئەنبار بەهۆی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- پێویستیە تەندروستیەکان لەوانە خەزنکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی لە ناوچەکانی کە تازە دووبارە وەرگیراونەتەوە وەکو شنگال و زومار و ڕەبیعە لە پارێزگای موسڵ.
- دەست گەیشتن بە چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی لە ناوچەکانی کە ئەمن و ئاسیشی لێ نیە لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاوارە ناوەخۆییەکان وەکو پارێزگاکانی ئەنبار و موسڵ و کەرکوك.

- چاودێری بۆ نەخۆشەکان کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە لەگەڵ دەستگەیشتنی باشتر بە داو و دەرمانیان، کوتان بۆ هەموو منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی لە دژی نەخۆشیەکانی سورێژە و ئیفلیجی.

وەڵامدانەوە:

- هاوکارانی گروپی تەندروستی توانیان چاودێری تەندروستی دابین بکەن بۆ زیاترلە ٨٥٠٠ نەخۆش لە ئاوارە ناوەخۆییەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان کە دەناڵێنن بەدەست جۆراو و جۆری نەخۆشیە گواستراوەکان لە قەزاکانی هەولێر و شەقلاوە (پارێزگای هەولێر)، هەموو قەزاکان لە پارێزگای دهۆك، قەزای کەرکوك لە پارێزگای کەرکوك و قەزای سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی. زیاتر لە ٩٠ حاڵەتی نەخۆشی شەکرە و زیاتر لە ١٠٠ حاڵەتی پەستانی خوێن چارەسەریان وەرگرتووە؛ زیاتر لە ٢٧٠ نەخۆش هاوکاری دەروونی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی مێشکیان وەرگرتووە و زیاتر لە ١٠٠٠ ئافرەت هاوکاریان وەرگرتووە لەلایەن مامانێکی شارەزا. زیاتر لە ٧٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی ئامادەییان هەبووە لە دانیشتنەکان بۆ پەروەردەی تەندروستی کە بابەتی جیاواز دەگرێتەوە وەکو پەروەردەی خۆراك پێدان و ڕێگرتن لە نەخۆشیەکانی پێست و هەوکردنی تیژی سیەکان لە منداڵان و خۆراك پێدانی تەواو. ٣٦٥ بڵاوکراوە لەسەر تەندروستی ئافرەتانی دووگیان دابەش کراون لە نێوان ئاوارە ناوەخۆییەکان لە چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی.

## بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی ئەمن و ئاسایش بەردەوامی هەیە لە ڕێگریکردن لە بەردەم دەستگەیشتن بەو ناوچانە لەوانە موسڵ و ئەنبار و کەرکوك و سەڵاحەددین و دیالە. هاوکاران دووچاری بەرەنگاریەکان دەبنەوە لە دڵنیاکردنەوەی دەست گەیشتن بە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لەو ناوچانەی کە دەست گەیشتن پێیان ئەستەمە.
- گروپی تەندروستی پەرەی بە پلانێکی ستراتیژی داوە بۆ ئەو ئاوارانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ شنگال (پارێزگای موسڵ) بەڵام کەم و کوڕی هەیە لە پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- گروپەکە بەردەوامە لە دەست نیشان کردنی جوتیارە هەژارەکان و مەڕدارەکان لە کۆمەڵگا خانەخوێکان لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك، هەروەها لە ناوچەکانی ململانێ و ناوچەکانی کۆنترۆڵکراو لەلایەن حکومەت لە موسڵ، سەڵاحەددین و دیالە و کەرکوك و ئەنبار و واسیت پێویستیان بە هاوکاری کشتوکاڵی هەیە.
- لە ئەنبار، ڕاپۆرت کراوە کەوا زیادبوونێك هەیە لە ژمارەی خێزانەکان کە پێویستیان بە هاوکاری خۆراك هەیە بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠٠.

وەڵامدانەوە:

- لە مانگی دیسەمبەر، ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی بەشە خۆراکی بۆ ٦٠٠٠٠٠ سوودمەندبوو دابەش کرد و پسوولەکان بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ خەڵك لەسەرتاسەری عێراق. لە مانگی کانوونی دووەم، ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی پلان دادەنێت بۆ زیاد کردنی کۆمەکی خۆراك بۆ نزیکەی ١,٢ ملیۆن خەڵك بە پێدانی بەشە خۆراك و ٤٠٠٠٠٠ خەڵك بۆ پسوولەکان.
- بەشە خۆراکی بەپەلە دابەش کراون بۆ زیاتر لە ١١٠٠ خەڵکی ئاوارە بوو لە پارێزگای موثنی، لە ژێر میکانیزمی وەڵامدانەوەی بەپەلە. بەشە خۆراکەکانی وەڵامدانەوەی بەپەلە دابەش کراون بەیەکەوە لەگەڵ کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی ڕێکخراوی یونیسێف، بۆ ئەو خەڵکەی کە بەم دواییە ئاوارەبوون بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ڕۆژئاوای عێراق.
- ئەنبار: هاوکاریێك گۆشتی تازە و پارچە خۆراکی دابەش کردووە بۆ قەزا جۆراوجۆرەکان لە ئەنبار لە مانگی ئۆکتۆبەر بۆ دیسەمبەر. هەڵسەنگاندنێکی خێرای ئەمن وئاسایشی خۆراك جێبەجێ کراوە لە نۆ قەزا لە ئەنبار؛ ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن دەبێت لەبەردەستدابێت تا کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥.
- هاوکارانی ئەمن و ئاسایشی خۆراك هاوکاری ٢٠٠٠٠ سەرۆك خێزانیان کردووە کە لە ناوچەی زیان بەرکەوتووی ململانێن، لەگەڵ سەرنجێکی تایبەت بۆ ئافرەتە سەرۆك خێزانەکان لەگەڵ مەوادە کیمیاویەکان و تۆیەکانی دانەوێلە لە موسڵ و هەولێر و دیالە و کەرکوك و سەڵاحەددین. دابەش کردنی خۆراکی ئاژەڵان ئامێرەکان جێبەجێ کراوە لە دەرەوەی دهۆك و موسڵ.

- پرۆگرامی کاری پارەی کاش لە عێراق لە کاتی ئێستادا دەستی دەگاتە ١٠٥٠ خێزانی ئاوارەی ناوەخۆیی لە پارێزگای دیالە، کە دەرفەتەکانی دامەزراندنی کاتی دابین دەکات بۆ کاسبکارانی ڕۆژانە کە لە خێوەتگەکان و لە کۆمەڵگا خانەخوێکان دەژین.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ڕاپۆرتەکان پێشنیاز دەکەن کەوا دەست گەیشتن بە خۆراك لە بازاره ناوخۆییەکان لە ئەنبار ئەستەمە هەتا لەو ناوچەش کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقی دایە، لەگەڵ بەرزی نرخی خۆراکەکان.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

پێویستیەکان:

- پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبەرانی ڕاهێنان پێکراوی نوێ ی خێوەتگە وەکو کارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە.

- خزمەتگوزاریەکان لە خێوەتگە نوییەکان کە تازە دەرگایان کراوەتەوە پێویستی بە دابین کردن دەبێت پێش گەیشتنی ئاوارە ناوەخۆییەکان، بەتایبەتی لە سەنتەرە تەندروستیەکان و قوتابخانەکان.

- خزمەتگوزاریەکان پێویستە بەهێزبکرێت لە خێوەتگەکانی ئێستا، بەتایبەتی لە کەرتی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی (بەتایبەتی تریش لە بەڕێوەبردنی پاشماوە و بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی). خێوەتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی عەربەت (لە سلێمانی) ئێستا توانای گەیشتوتە ٨٠٠ خێزان و تازە گەیشتوان کە داوایەکانیان ڕوو لە زیادبوون دایە بۆ چالاکیەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی بەپەلە کە بودجەی بۆ دانەنرابوو لە ساڵی ٢٠١٤.

- خێوەتگەکانی هەرشەم و بەحرکە (لە پارێزگای هەولێر) هەردووکیان پڕ بوونەتەوە و لەگەڵ لیستە چاوەڕوانکراوەکان.

وەڵامدانەوە:

- کاری بنیاتنان بۆ دامەزراندنی کەمپێکی نوێ لە خانەقین، لەگەڵ توانای تەنها زیاتر لە ٥٠٠ ڕەشماڵ بەردەوامی هەیە.

- دوو خێوەتگەی ئاوارە ناوەخۆییەکان لە پارێزگای موسڵ کراونەتەوە (مەمیلیان و بەردەرەش).

- ئاوارە ناوەخۆییەکان بە بەردەوامی کەل و پەلەکانی وەرزی زستانە بۆیان دابین دەکرێت، بەتایبەتی لە خێوەتگەکانی کە تازە دەرگاکانیان کراوەتەوە.

- لە هەرێمی کوردستانی عێراق زیاتر لە ١٣٣٨٠٠ ئاوارە ناوەخۆییەکان لە کاتی ئێستادا لە خێوەتگەکان دەمێننەوە؛ ئامانجەکە بۆ خێوەتگە پلان بۆ دانراوەکان بریتی یە لە زیاتر لە ٢١٣٢٠٠ کە دەکاتە (لەسەدا ٦٣ی داگیرکراوە، ١ خێوەتگە لەگەڵ توانای پلان بۆ دانراو بۆ لەخۆگرتنی ١٢٠٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی هێشتا لەژێر بنیاتنان دایە). لە ناوەڕاست و باشوری عێراق، زیاتر لە ٤٧٨٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی لە کاتی ئێستادا لە خێوەتگەکان دەمێننەوە؛ ئامانجەکە بۆ خێوەتگە پلان بۆ دانراوەکان بریتی یە لە زیاتر ١٧٩١٠٠ کە دەکاتە (لەسەدا ٢٧ داگیرکراوە، ٦ خێوەتگە لەگەڵ توانای پلان بۆ دانراو لە دەوروبەری ٨٧٥٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی کە هێشتا لە ژێر بنیاتناندان). زیاتر لە ١٠٥٠٠ ئاوارەی ناوەخۆیی لە کاتی ئێستادا لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی بەڕێوەبراو دەمێننەوە لە سەرتاسەری عێراق لەوکاتەی زیاتر لە ١٣٨٠٠ ئاوارە ناوەخۆیی لە کاتی ئێستادا لە خێوەتگە نافەرمیەکاندا دەمێننەوە (لەسەر بنەمای ئەو زانیاریەی کە لەبەر دەست دایە لە لایەن هاوکارانی گرووپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە).

- سیستەمێکی ناوەندی و نەخشەدانانی زانیاری هەماهەنگی خێوەتگە لە ژێر پەرەپێدان دایە. ئەم سیستەمە زانیاری دەرچوو باشتردەکات هەروەها شیکاری و گفتوگۆکردن و هاوکاری ئۆپەراسیۆنی دەکات.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ئەگەری بۆشاییەکی گەورە هەیە لە هاوکاری تەرخانکراوی خزمەتگوزاری خێوەتگە لە ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی ناڕوونی لە پاڵپشتی کردنی دارایی.
- چەند خێوەتگەیەك لە دهۆك تەواوکراون و تێبینی کراون کە لەگەڵ ستانداردی مرۆیی نێودەوڵەتی نیە لە ڕووی ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی و ئاسانکاریەکانی تر. بانگەشە بۆ باشترکردنی ئەمە بەردەوامی هەیە لەسەر زۆربەی ئاستەکان، و بەرەوپێشوەچوونەکان پێویستە چاودێری بکرێن بۆ دڵنیاکردنەوەی کەوا ستانداردەکان دەستیان پێگەیەنراوە.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- بە گوێرەی دواهەمین نوێکردنەوە لەلایەن نووسینگەی پارێزگار لە دهۆك، ٧٠٠٠٠ کەس لە کۆی ١١٨٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی لە زومار گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی زێدی خۆیان. هەندێ لە ئاوارە ناوخۆییەکان لە شنگال کە حەزیان کرد بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە هەروەك ئەو ناوچانە هێشتا بە سەلامەتی دانانرێن بۆ گەڕانەوە بەهۆی هەبوونی ئامێری تەقینەوە و پاشماوەی جەنگ.
- بۆ ئەوەی بەرهەنگاریەکان دەست نیشان بکرێن کە پەیوەندیان بە چوونە ژوورەوە هەیە، پێویستیەك هەیە بۆ کارکردن لەلایەن کاربەدەستانی جۆراوجۆر لەوانە ئاژانسەکانی حکومەت، کەسە ئایینیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەرێك.
- بەهۆی هەڕەشەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە قەزای موقدادیە لە (پارێزگای دیالە)، شەپۆلێکی ئاوارە ناوخۆییەکان پێشبینی دەکرێت بگاتە خانەقین.

وەڵامدانەوە:

- لە ڕێگەی بەردەوامی چاودێریکردنی پاراستن، هەڵسەنگاندنەکانی پێویستیەکانی پاراستن کە ٨٣٣٠٠٠ کەسی گرتوتە خۆی کە دەکاتە (نزیکەی ١٣٩٠٠٠ خێزان) لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤. لەو ژمارانە، ٢١٥٠٠ حالەت ڕەزامەندیان لەسەر دراوە بۆ هاوکاری کردنی پارەی کاش، زیاتر لە ٤٨٣٠٠ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە، و ڕەوانەکردنەکان ئەنجام دراون بۆ ١٨٤٠٠ کەس بە پێدانی پێویستیە تایبەتیەکان.
- لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانە، تیمەکانی چاودێریکردنی پاراستن بەردەوامن لە هەڵسەنگاندنی شوێنەکانی خێزانە ئاوارە ناوخۆییە نوێیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە گیریان خواردبوو لە خاڵەکانی پشکنین (لەو شوێنەی کە ئەوان ڕێگریان لێکرابوو کەوا بچنە ژوورەوە بۆ هەندێ لە ناوچەکانی عێراق).
- تیمەکانی چاودێریکردنی پاراستن لە خانەقین سەردانی مەیدانی جێبەجێ دەکەن بۆ خێوەتگەی جۆراوجۆر بۆ دەست نیشان کردنی پێویستیەکانی پاراستن، بەدواداچوون لەسەر پرۆسەی تۆمارکردن لەگەڵ حکومەت و دابین کردنی هاوکاری یاسایی ئەگەر پێویست بوو.
- چاودێرانی پاراستن لە کەرکوك بەدواداچوون دەکەن لەسەر ڕاپۆرتەکانی کە هەندێ لە خێزانانی ئاوارەی ناوخۆیی داوایان لێکراوە کەفیل بدۆزنەوە و بۆ تەواوکردنی تۆمارکردنی ئەمن و ئاسایش یان ئەوان خۆیان تووشی مەترسی دەکەن لە بەجێهێشتنی پارێزگاکە. ئەوان پشتڕاستیان کردۆتەوە کەوا خێزانە ئاوارە ناوخۆییە عەرەبەکانی کە سوننە نین کە لە خاڵێکی پشکنین گیریان خواردووە لە کۆتاییدا ڕێگایان درا کە بێنە ژوورەوە.
- ڕێ و شوێنەکانی تۆمارکردن لە پارێزگای سلێمانی بەردەوامە. لە ماوەی کاتی ڕاپۆرت کردنەکە، ٥٠٠ خێزان کە دەکاتە (نزیکەی ٣٠٠٠ کەس تۆمارکراون). کۆی ژمارەی خێزانە ئاوارە ناوخۆییە تۆمارکراوەکان لە پارێزگای سلێمانی ئێستا لە ٢٨٠٠٠ خێزان تێدەپەڕێت کە دەکاتە (١٦٨٠٠٠ کەس).
- دانیشتنەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەسەر مافەکانی مرۆڤ، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە هەموو ئایینەکان و کلتورەکان جێ بەجێ کراون بۆ مامۆستایان لە قوتابخانەی ئەلئخوان لە کەلار، سلێمانی. دانیشتنێك لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی بۆ ئافرەتانی گەنج و پیاوان لە کەلار و لە سالح ئاغا ئەوانیش جێبەجێ کراون. نزیکەی ٥٠ ئاوارەی ناوخۆیی ئامادەییان هەبووە لەو دوو دانیشتنانەی مەشقکردن.
- دانیشتنێکی مەشقی پێنج ڕۆژە لەسەر دروومان کردن لە سالح ئاغا بۆ ٢٥ ئافرەتی ئاوارەی ناوخۆیی بەڕێوەچوو.
- ٦٥ کەل و پەلی ئافرەتان بۆ ئافرەتانی ئاوارەی ناوخۆیی، لەوانە جل و بەرگی دووگیانی (تەنوورەکان) لە ساڵح ئاغا دابەش کراون.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەروەك ئاوارە ناوخۆییەکان بەردەوام دووچاری ئەستەمی دەبنەوە لە بەدەستهێنانی ڕێپێدان بۆ پەڕینەوە لە هەندێ خاڵی پشکنین، نیگەرانیەکان هەن لەبارەی سەلامەتیان و توانای هاوکارانی مرۆیی بۆ دابین کردنی هاوکاری بۆیان لە شوێنەکانی خۆیان.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- هەوڵەکان بۆ بەکارخستنی منداڵان هەتاکو بکرێت، و بۆ بڕیاردن لەوەی کە چەند منداڵ دەستیان ناگات بە پەروەردە، بەردەوامیان هەیە. هەروەك لە دیسەمبەری ٢٠١٤، خەملاندنێکی ٥٥٠٠٠٠ منداڵانی کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە و تەمەنیان لە نێوان (٦ تا ١٧ ساڵی دایە) داوای دەست گەیشتن بە پەروەردە دەکەن لە دامەزراوەکانی دەرەوەی خێوەتگەکان.
- لەسەرتاسەری عێراق، زیاتر لە ٥٠٠ قوتابخانە بە داگیرکراوی دەمێننەوە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان و ١٣٠ قوتابخانەی تریش لەلایەن هێزە سەربازیەکان.

وەڵامدانەوە:

- وەزارەتی پەروەردە لە پرۆسەی دابین کردنی ٥٢ قوتابخانەی کەرەڤانەیی دایە کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێن بۆ لەخۆگرتنی هەندێ لەو منداڵە ئاوارانە.
- چاککردنەوەی بچووك و خاوێنکردنەوە تەواو کراوە لە زیاتر لە ٣٣٠ قوتابخانە کە بەم دواییە لەلایەن ئاوارە ناوەخۆییەکان چۆڵکرابوون. کە ئەمەش دەست گەیشتن بۆ ژینگەکانی فێربوونی پەروەردە دابین دەکات بۆ زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ منداڵانی کۆمەڵگای خانەخوێی زیانبەرکەوتوو بەهۆی قەیرانەکە.
- زیاتر لە ٨٥٠٠ منداڵ سوود وەردەگرن لە بەردەوامی چالاکیەکانی داهێنان.
- پرۆسەی تۆمارکردن بۆ ٢٧٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوەخۆیی بۆ ئامادەبوون لە قوتابخانەی فەرمی لە شارەوانی شەقڵاوە (لە پارێزگای هەولێر) تەواو بووە. پەرتووکەکان و ماددەکانی تری پەروەردەش دابەش کراون بۆ پۆلەکان تاکو دەست پێبکەن. هەروەها لە هەولێر، پرۆسەی تۆمارکردن لە بەدواداچوون دایە بۆ ١٢٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوەخۆیی لە خێوەتگەی بەحرکە و سێ قوتابخانەی تریش لە عەنکاوە. پەرتووکەکان و مێز و کورسی بۆ وەزارەتی پەروەردە دابین کراون.
- ٦٨ قوتابخانەی ڕەشماڵی (بۆ ٧ قوتابخانە) نزیکن لە دانان لە ٥ خێوەتگەی ئاوارەی ناوەخۆیی (بێرسڤێ، خانکێ، باجێت کەندەڵە، شاریە و قادیە) لە پارێزگای دهۆك. هەرکە تەواو بوون، دەست گەیشتن بە پەروەردە بۆ زیاتر لە ٦٠٠٠ منداڵی ئاوارەی ناوەخۆیی دابین دەکەن. هاوکاران لە کاتی ئێستا دا هەڵسەنگاندنێکی خێرا بە کۆتا دێنن لە بارەی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە لەو خێوەتگایانەن بۆ ئاسانکردنی تۆمارکردن لە قوتابخانەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- بەتایبەتی لە دامەزراوە مەدەنیەکان، وەکو سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە باڵەخانەکان بە کرێ دەگرێت بۆ بەکارهێنانیان وەکو قوتابخانە بۆ لە خۆگرتنی ژمارەی گەورەتری قوتابیانی ئاوارە ناوەخۆییەکان. هەرچەندە، کورسیەکان و پەرتووکەکان و ماددەکانی تری قوتابخانە لە کاتی ئێستادا دیار نیە.

## کەل و پەلەکان

وەڵامدانەوە:

- بەرزکردنەوەی کۆمەکی بە ڕێگای ئاسمانی کە پێک دێت لە ڕەشماڵەکانی وەرزی زستانە، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پلانی بۆ دانراوە.
- گرووپی کەل وپەلەکان بەردەوامە لە دابین کردنی خەزنەی کاتی لە دهۆك و هەولێر لەگەڵ هەندێ گواستنەوەی سنوردار بۆ هەندێ ناوچەش ئەگەر بکرێت. شوێنی خەزنەی فریاگوزاریش لەبەردەستدایە لە بەسرە و سلێمانی و بەغدا. یەکەکانی خەزنەی گەرۆکیش لەبەردەستدان بۆ پێدانی قەرز بە ئاژانسەکان بۆ خەزنەی فریاگوزاری کاتی. داوایەکان لە ڕێگەی گرووپی کەل و پەلەکانەوە دەبێت ئەگەر داواکرا.
- گرووپی کەل و پەلەکان لەگەڵ گرووپی پەروەردە کاردەکات سەبارەت بە تەرخانکردنی ٦١٨ یەکەی کەرەڤانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە کە ئێستا لە بەغدان و دەتوانرێت وەکو قوتابخانە بەکاربهێنرێن.
- گرووپی کەل و پەلیش کاردەکات لە بەهاناوەهاتنی فرە ئاژانس بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی ناوچەی زلوعیە.

- کۆبوونەوە بەردەوامەکانی گرووپی کەل و پەل لە دهۆك لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ دەست پێدەکات.

## گرووپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

وەڵامدانەوە:

- خزمەتگوزاریەکانی فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی فریاگوزاری لەلایەن گرووپی پەیوەندی فریاگوزاری دابین کراوە بۆ هاوکارانی مرۆیی لەسەرتاسەری عێراق. لەوانە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ بۆ باشترکردنی سەلامەتی و ئەمن و ئاسایشی ستافی مرۆیی لەسەر زەوی، لەوکاتەی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لە خێوەتگەکان کە ڕێگە بە ڕێکخراوەکان دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زیاتر کاریگەرتر گفتوگۆ و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنەکان بکەن.

- تیمێکی شارەزایانی پەیوەندی فریاگوزاری ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بنێردرێتە دهۆك و خێوەتگەی دۆمیز بۆ دامەزراندنی تۆڕێکی ڕادیۆی ژمارەیی و باشترکردنی تۆڕی ئەنەلۆگی ئێستا. ئەمەش لەخۆگرتنی ڕادیۆ بۆ کۆمەڵگای مرۆیی لەو ناوچەیەدا زیاتر دەکات.

- ڕادیۆی VHF بۆ ستافی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان پڕۆگرامیان بۆ دانراوە بۆ باوترینی ستانداردی گرووپی پەیوەندی فریاگوزاری بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و بۆ تەواو بەکارهێنانی زیادکردنی لەخۆگرتنی ڕادیۆ. تاوەکو ئێمڕۆ، ٢٤٥ تاکە ئامێری ڕادیۆ بەرنامەیان بۆ دانراوە.

- تاوەکو ئێمڕۆ زیاتر لە ١٨٠ بەکارهێنەرانی ڕادیۆ تۆمارکراون لە سیستەمی بەستانەوەی ئینتەرنێتی بێ تەلی گرووپی پەیوەندی فریاگوزاری کەوا بەرجەستە کراوە بۆ هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکان لە سێ ناوچەی سەرەکی ئۆپەراسیۆن: لە خێوەتگەکانی دۆمیز و عەربەت، هەروەها لە خێوەتگەی گواستراوەی نزیك عەربەت.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەڵبژاردەکانی گەشت بۆ هاوردەکردنی برێکی گەورەی ئامێرەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بە سنورداری دەمێنێتەوە، ئەمەش دەتوانێت ناردنی خزمەتگوزاریەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری مرۆیی دوا بخات.

# هەماهەنگی گشتی

تیمی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون ڕێبازەکەیان نوێ دەکەنەوە بۆ لەخۆگرتنی پاشکۆیەکی گرووپی هەڵسەنگاندن و مەترسی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. مەبەست لەم مەشقە نوێیە بریتی یە لە پاڵپشتیکردنی کۆکردنەوەی زانیاری، لەوانە: پۆلین کردنی زانیاری دیمۆگرافیا؛ مەبەستەکانی جولانەوە و ئەمن و ئاسایش لە شوێنی ئێستادا؛ پاڵنانی هۆکارەکان؛ پێویستیەکانی کەرتی؛ و ئاماژەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. لەهەمان کاتدا، تیمەکە بەدواداچوون دەکات بە گرووپکردنی دانیشتوانان لەسەر ئاستی شوێن کە دەتوانرێت بناسرێتەوە: ئامادەکاریەکانی شوێنی نیشتەجێبوون؛ بنچینەی پارێزگا؛ و ماوەی ئاوارەبوون. لەوکاتەی سیستەمی بەدواداچوونی ئاوارەبوون کە بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی بڵاوبکرێتەوە هەموو دوو هەفتەیەك، پاشکۆیەکی نوێ کردنەوە لەبەردەست دا دەبێت هەموو سێ مانگێك.

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:**
**عبدلحەق ئەمیری**، سەرۆکی نووسینگە، **amiri@un.org**
ژمارەی مۆبایلی عێراق: +964 (0) 750 312 9201
**دەیڤد سوانسۆن**، بەرپرسی زانیاری گشتی، swanson@un.org
ژمارەی مۆبایلی عێراق: +964 (0) 750-377-0849
بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر@OCHAIraq
بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:https://iraq.humanitarianresponse.info

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤، گروپە چەککدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی بەرفراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەڵاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و شنگال و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەوێجە و ڕیاز و فەلوجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گرووپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی کانوونی دووەم ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە ٢،١ ملیۆن ئاوارە هەن لەوەتەی مانگی کانوونی دووەمی ئەم ساڵ.